# کۆتایی خەمە ئەرخەوانیەکان...!



سەرهەنگ حەمە سالح
_xamosh_serheng@yahoo.com

لەگەڵ شەپۆلی عەشقت

هاوتا دەبم

بۆ دەربەندی

تەمە سپیەکانی ڕۆح...

دەستەکانم

دەکەمە سەرینی

سیمای پڕ پەرژینی تۆ

بە بارانی وەرزی کۆچی

سەفەرێکی پڕ شەپۆلی

بێ ناونیشان

ئاشنا دەبین...

ئەو کات

نەمن بادەی

شیعرە تینوەکان

دەخۆمەوە...

**نەتۆش هەگبەی ووشەكانم**

**بەتاڵ دەكەیت...**

**دەروازەی**

**خەمە ئەرخەوانیەكان**

**لە تارمایی چاوانماندا**

**وون دەبێت و**

**لە تراژیدیای باوەشماندا**

**دەتوێتەوە...**

**نوێژی مردوو**

**لەسەر خەمە سەربڕاوەكان**

**دەكەین...**

**گۆرانی عەشق**

**بۆ قوربانیەكانی**

**ئەم جەژنە**

**دەچڕین...!**